**بەش: زمانی کوردی**

**کۆلێژ: کۆلێژی پەروەردە / شەقڵاوە**

**زانکۆ: سەلاحەددین ـ هەولێر**

**بابەت: شیکردنەوەی دەق (پەرتووک)**

**پەرتووکی کۆرس: ساڵی چوارەم (کۆرسی دووەم)**

**ناوی مامۆستا: د. باباڕەسول نوری ڕەسول**

**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣ـ ٢٠٢٤**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| شیکردنەوەی دەق (پەرتووك) | 1. ناوی کۆرس |
| م. بابارەسول نوری ڕەسول | 2. ناوی مامۆستای بەر پرس |
| بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە / شەقڵاوە | 3. بەش/ کۆلێژ |
| ئیمێل: babarasul.rasul@us.edu.krd | 4. پەیوەندی |
| یەك کاژێر تیۆری و یەك کاژێر پراکتیکی / سێ یەکە. | 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک |
| ڕۆژانی (شەممە و یەکشەممە و دوو شەممە و سێ شەممە و چوارشەممە) لە کاژێر (8:30 ـ 1:30) لە هەفتەیەکدا (11 کاژێر) وانە وتنەوە و باسی دەرچوونی سێ قوتابیم لایە. | 6. ژمارەی کارکردن |
| | 7. کۆدی کۆرس |
| * بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین (1997 ـ 1998).<br>* ماستەر لە زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین (2009).<br>* گۆڕینی ناونیشان لە (مامۆستای یاریدەدەر)ەوە بۆ (مامۆستا) لە (2012/11/11).<br>* دکتۆرا لە زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە (2013). گۆڕینی نازناوی زانستی لە مامۆستاوە بۆ پڕۆفیسۆری یاریدەدەر لە ٢٠١٩/٦/٢٢<br>*چاپکردنی کتێبێك بەناونیشانی (پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا) لە (2012).<br>* وەرگرتنی یان مۆڵەتپێدانی چاپکردنی کتێبی (شیکردنەوەی دەق، نوکتە بە نموونە) لە (بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی) لە (2013)ەوە" بەڵام تاکو ئێستا بەچاپ نەگەیەنراوە.<br>* نووسین و بڵاوکردنەوەی هەشت لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی:<br>ـ (تێگەیشتنی دەربڕینە زمانییەکان لەڕوانگەی زمانەوانی دەروونییەوە) لە ژمارە (23)ی گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، (2012) بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (بەشە ئاخاوتنی ناو لەنێوان ڕستەسازی و واتاسازیدا) لە ژمارە (208)ی گۆڤاری (مجلە الاستاذ)ی (زانکۆی بەغدا)، (2014) بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (بەرهەمداری بەشە ئاخاوتنی ناو لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە) لە ژمارە (210)ی گۆڤاری (مجلە الاستاذ)ی (زانکۆی بەغدا)، (2014) بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (شێوازی گوتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی (قۆناغی ئامادەیی بە نموونەو ڕێزمان بە تایبەتی)) لە (2014/12/29)ەوە" لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین پەسندکراوە.<br>ـ (مۆرفیمی (لا) لە ئاستی ڕێزمان و واتاسازیدا لە ساڵی | 8. پرۆفایەلی مامۆستا |

| | |
|---|---|
| (2016) لە ژمارە حەوتی گۆڤاری زانكۆی ڕاپەرین بڵاوكراوەتەوە.<br>ـ (پێكهاتەی زمانی و هونەری دەقی مەتەڵ) لە بەرگی (6)ی ژمارە (3)ی ساڵی (2016)، گۆڤاری (پۆلی تەكنیك) بڵاوكراوەتەوە.<br>ـ (چەمكەكانی نادیاری لە زمانی كوردیدا) لە ژمارە یازدەی گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧ بڵاوكراوەتەوە<br>ـ (سنوری نێوان بەركاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە لە ڕستەی زمانی كوردیدا)، لە ژمارە ٢٢٧ی گۆڤاری الاستاذ لە كانوونی یەكەمی ٢٠١٨ بڵاوكراوەتەوە<br>* چەندین سیمینارم پێشكەشكردووە و بەژداری چەندین سیمیناری ترم كردووە.<br>* لە (1994/9/22) دامەزراوم" بەڵام لە (1994/10/1) دەست بەكاربووم، واتە (بیست و پێنج ساڵ) خزمەتم هەیە. | |
| (شیكردنەوە/ پەرتووك/ جیاوازی ڕەخنەو شیكردنەوە/ جۆرەكانی شیكردنەوە/ تایبەتمەندییەكانی كەسی شیكاركار/ لیژنەی شیكاری كتێب/ شیكاری ناواخن/ گرنگی و سودی شیكاری ناواخن/ ڕێگاكانی شیكردنەوەی ناواخن/ تیۆرەكانی شیكاری دەق/...) | **9. وشە سەرەكیەكان** |

**10. ناوەڕۆكی گشتی كۆرس:**

* گرنگی خوێندنی كۆرسەكە: ئەم كۆرسە گرنگە بۆ قوتابی تاكو زانیاری زیاتر لەسەر پەرتووك و شیكردنەوەی دەق وەربگرێت، چونكە قوتابی بەهۆی ئەم كۆرسەوە زیاتر شارەزایی لە بابەتەكانی ناو دەقەكە دەبێت، هەروەها زیاتر شارەزایی لە بابەتە ڕێزمانی و ئەدەبییەكان دەبێت و زیاتر شارەزایی لەبارەی خاڵبەندی پەیدا دەكات.

لەم كۆرسەدا باس لەو زاراوە و بابەتانە دەكرێت، كە پەیوەستن بە شیكردنەوەی پەرتووك و دەق لەڕووی ڕێزمانی و تیۆرەكانی شیكردنەوە.

دەبێت قوتابی بە تەواوی فێری زانستەكە بكرێت و هەموو زانیارییەك لەبارەی بابەتەكە بخرێتەبەر دەستی قوتابی.

بەو پێیەی ئێمە لە شیكردنەوەی دەقەكاندا زیاتر گرنگی بە پەرتووكە مەنهەجییەكانی قوتابخانەكان دەدەین، بۆیە قوتابی شارەزاییەكی باش لەبارەی زانستەكە پەیدا دەكات و دەتوانێت بەم هۆیەوە لەوانە وتنەوەی بابەتەكانی بابەتی (زمان و ئەدەبی كوردی) سەركەوتووبێت و قوتابی دەتوانێت پاش دەرچوونی لە كولێژ وەكو مامۆستا لە قوتابخانەكان وانە بڵێتەوە یان دەتوانێت ببێتە شیكاركارێكی باشی پەرتووك، هەروەها ئاسۆیی بیركردنەوەی قوتابیان لەبارەی خوێندنەوە و نووسین زیاد دەكات.

**11. ئامانجەكانی كۆرس**

**ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە ئەوەیە:** قوتابی دوای تەواوبوونی كۆرسەكە زانیارییەكی گشتی لەبارەی زانستەكەوە هەبێت. هەروەها خاوەنی تێڕوانین و خوێندنەوەیەكی وردبێت و بۆ زمان و ڕستە و كەرستەكانی ڕستەو یاساكانی چوونەپاڵ یەكی كەرستەكانی ڕستە.

* ئاشنابوونی قوتابی بە (ئاستەكانی زمان) و (وانەكانی زمان).

* بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی نەوەیەكی نوێی شارەزا بە زانستە نوێیەكان و تێگەیشتن لە فرەیی ئاراستەكانی لێكۆڵینەوە و تێگەیشتن لە نرخ و بەهای زمان بەگشتی و ڕستەسازی بەتایبەتی.

* قوتابی شارەزایی لەبارەی چوونەپاڵ یەكی وانەكانی زمان فراوان دەبێت" بەمەش فێری ڕاستی نووسین دەبێت.

* هەروەها خوێندنی ئەم بابەتە دەبێتە هۆكارێك لە قۆناغی داهاتووی قوتابیاندا، بەمەبەستی وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی كوردی لە قۆناغەكانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیدا" چونكە

| |
|---|
| بەشی گرنگی پەرتووکە مەنهەجییەکان پەیوەستە بەم بابەتەوە. هەروەها ئاسۆی نوسینیان فراوان دەبێت. |
| **12. ئەرکەکانی قوتابی**<br>لێرەدا مامۆستا لەسەریەتی بەرپرسیارێتی قوتابی لەڕووی ئامادەبوون لە پۆل و بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکان و سازکردنی سیمیناروو نووسینی ڕاپۆرت و وتار نووسین... هتد بۆ قوتابیان ڕوونبکاتەوەو هانیان بدات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بابەتانە.<br>هەروەها دەبێت مامۆستا قوتابیان هانبدات بۆ ئەوەی سەرچاوەی بەسوود و پەیوەست بە زمانی کوردی بە گشتی و بەڕستەسازی کوردی بەتایبەتی بخوێننەوە. واتەوە مامۆستا دەبێت ئەمانە وەك ئەركێك لە قوتابیان داوا بكات و دەبێت قوتابیانیش جێبەجێی بکەن. |
| **13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**<br>دەبێت مامۆستا ڕیگەی نوێ و زانستیەکانی سەردەم بەکاربهێنێت" وەکو (وانەبێژی + شیکردنەوە + پرسیار و وەڵام + ڕوونکردنەوە)، بەڵام دەبێت ئاستە جیاوازەکانی قوتابی ڕەچاو بکرێت.<br>هەروەها دەبێت کەرستەو هۆیەکانی فێرکردن وەکو (داتاشۆ، تەختەو ماجیك) بەکاربهێنێت و هەوڵبدات بە نموونەی زیندوو قوتابیەکان ئاشنا بە بابەتەکە بکات. |
| **14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**<br>لەماوەی کۆرسەکەدا، دوو تاقیکردنەوەی سەرەکی یان سێ تاقیکردنەوە دەکرێت، جگە لەمەش ڕەچاوی چالاکی و بەشداری قوتابی لە پۆل دەکرێت. نمرەی کۆشش (40) نمرە دەبێت و تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵیش لەسەر (60) نمرە دەبێت. |
| **15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br>خوێندنی بابەتەکە چەند ئامانجێك دەپێکێ، لەوانە:<br>* **ئامانجی گشتی**: قوتابی زانیاری لەبارەی زمان بە گشتی و ڕستەسازی بەتایبەتی پەیدا دەکات و سنووری کاری زانستە دەزانێت. هەروەها گرنگی ئەم بابەتە بە بەراورد بە بابەتەکانی تر دەزانێت. قوتابی بەهۆی ئەم بابەتەوە فێری ڕاستی نووسین دەبێت و دەشتوانی هەست بە هەڵەو کەموکوڕییەکان لە دەربڕین و نووسیندا بکات" بە تایبەتی هەڵەی زمانی نووسینی تابلۆکان و دەربڕین و نووسراوەکانی سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن" دەبێت هەوڵیش بدات هەڵەکان ڕاست بکاتەوە.<br>* **ئامانجی تایبەتی:** قوتابی فێری زانستەکە دەبێت و دەتوانێت بنووسێت و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کاربکات و شت بنووسێت. هەروەها قوتابی بەهۆی ئەم کۆرسەوە" خۆشەویستی بۆ وانەکە بەتایبەتی و بەشەکانی تری زمان بەگشتی پەیدا دەکات و سەلیقەی زمانەوانی بەهێز دەبێت و لایەنی خاڵبەندیتی بەهێز دەبێت.<br>هەروەها ئەم بابەتە دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرەوپێشچوونی قوتابی بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانی" کە وتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردیە لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی" بەمەش زانیاری زیاتر دەبێت. |
| **16. لیستی سەرچاوە**<br>*** سەرچاوە بنەڕەتییەکان:**<br>**1- بابارەسول نوری: شیکردنەوەی دەق، نوکتە بە نموونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، (2013).**<br>**2- دارا حەمید محەمەد: شیکاری ڕستەی ئاڵۆز، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، (2012).**<br>**3- پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی)ی پۆلی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی بنەڕەتی.**<br>**-4**<br>**سەرچاوەی سوود بەخش:**<br>1ـ ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ڕستەو پاش ڕستە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (2008).<br>2ـ شێرکۆ حەمەئەمین: شیکارێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی، (2009). |

3ـ قەیس کاکل: پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەددین، (2000).
4ـ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر (2009).

**ناوی مامۆستای وانەبێژ**

باباڕەسول نوری ڕەسول

لە هەفتەیەکدا یەك کاژێر تیۆریە و یەك کاژێر پراکتیکییە
لە هەفتەیەکدا (2) کاژێرە

**17. بابەتەکان: تێبینی: بابەتی شیکاری دەق (پەرتووك) لە هەفتەیەکدا دوو کاژێرە، کاژێرێك تیۆرییە و باس لە بابەتەکانی پەیوەست بە شیکردنەوە دەکرێت، کاژێرەکەی تریش پراکتیکییە و باس لە بابەتەکانی کتێبە مەنهەجییەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی) لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی دەکرێت و بابەتەکان شیدەکرێنەوە.**

| ڕێککەوت | بابەتی سەرەکە | بابەتی لەخۆ گرتوو |
|---|---|---|
| هەفتەی یەکەم | یەکتر ناسین و چەند ڕێنماییەك بۆ قوتابییان | چەند زانیارییەکی گشتی لەسەر زمان و ئاستەکانی زمان |
| هەفتەی دووەم | شیکردنەوەی پەرتووك | زاراوەی شیکردنەوەی پەرتووك |
| هەفتەی سێیەم | جۆرەکانی کتێب جیاوازی ڕەخنە و شیکار | 1ـ پەرتووکی پرۆگرامەکانی خوێندن.<br>2ـ پەرتووکی ئاسایی |
| هەفتەی چوارەم | جۆرەکانی شیکار | 1ـ شیکاری گشتی<br>2ـ شیکاری کەرتی |
| هەفتەی پێنجەم و شەشەم | تایبەتمەندییەکانی شکارکار | |
| هەفتەی حەوتەم | لیژنەی شیکارکردنی پەرتووك | أ ـ سەرۆکی لیژنە ئەرکەکانی سەرۆکی لیژنە |
| هەفتەی هەشتەم و نۆیەم | لیژنەی شیکارکردنی پەرتووك | ب ـ جێگر<br>پ ـ بڕیاردەری لیژنە<br>ت ـ ئەندامەکانی لیژنە |
| هەفتەی دەیەم | شیکاری ناوەخن | پێناسە / ڕیگاکانی شیکردنەوەی ناوەخن |
| هەفتەی یانزەم و دوانزەم | شیکاری ناوەخن | مەرجەکانی شیکاری ناوەخن توخمەکانی ناوەرۆك |
| هەفتەی سیانزەم | شیکاری ناوەخن | سوودەکانی شیکاری ناوەخن<br>تایبەتمەندییەکانی شکاری ناوەخن |
| هەفتەی چواردەم | شیکاری ناوەخن | گرنگی شیکاری ناوەخن |
| هەفتەی پازدەم | تیۆرەکانی شیکاری دەق | 1ـ تیۆری ڕستەسازی.<br>2ـ تیۆری سیمانتیك. |

18. نییە

**19. تاقیکردنەوەکان**

پ1/ پێناسەی ئەمانە بکە: (شیکردنەوە، ڕەخنە، شیکارکەر، شیکار، ناوەخن، خوێندنەوە،...)

پ2/ ئەم دەقەی خوارەوە لەڕووی ناوەخنەوە شیبکەوە: (....................................)

پ3/ باس لە (سەرۆکی لیژنەی شیکارکردنی دەق) بکە.

پ4/ جۆرەکانی خوێندنەوە بنووسە.

پ5/ چ تێبینییەکت لەسەر بابەتە ڕێزمانییەکانی پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی هەیە؟ باسی بکە.

**20. تێبینی تر**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**